# ئاین و دوا قۆناغەکانی کۆتایی مرۆڤ

## گومان حەقیقەتی خودا و ئاین بە دیار دەخات، نەك گەلەکۆمەو سەرکوتکردن و کوشتنی ئەوانەی کە گومانیان بۆ دروست دەبێت، لە بەرانبەر ئاین و خودا

### بەشی یەکەم

ڕێبوار ڕەزا چوچانی



تازەترین ڕوداوی کۆمیدی و تراژیدی کەلە کۆمەڵگای کوردیدا خۆی نواند، ئەو گەلە کۆمەیە بوو کە (474) واژۆ کۆکرایەوە، بۆ سەپاندنی سزای (شەرعی و یاسایی!!) بەسەر ئەوانەی کە قسەیان لەسەر خودا و ئاین کردوە، ئەم کارە وەك ئەوەی کە رویەکی کۆمیدی و لە هەمانکاتیش تراژیدی پێوە دیارە، بەڵام لە هەناوی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك ڤایرۆسی کوشندەیە، کە دواجار پێمان دەڵێت، ئاین هەڵگری رقە بەرانبەر ئەوانەی کە گومانیان لە حەقیقەتی ئاین بۆ دروست دەبێت.

ئەم نووسینە راگوزەرێکی سەرپێییانەیە بەو دۆخانەدا، کە دەبنە هۆکاری بە کاڵابونی مرۆڤ و سەندنەوەی بیرکردنەوە و گومان لە ئاست حەقیقەتدا، لەو کاتەشدا کە ئەم حاڵەتە باڵادەستبوو بەسەر بیرکردنەوە و ئەخلاقیاتەکانی مرۆڤدا، مرۆڤ رێگای بەکاڵابون و کوشتنی رۆحیەتی مرۆڤبونی خۆی دەگرێت، بۆیە پێویستە لێرەوە بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارانەی، کە دەبێت مرۆڤ هەڵوەستەیان لەسەر بکات، تا لەوێوە دەروازەیەك بدۆزێتەوە و رێگایەك ببینێت بۆ بەرچنگخستنی حەقیقەتەکان، کە ئەمەش بە حاڵەتێکی زۆر دژواردا گوزەر دەکات، تا مرۆڤ بتوانێت وەڵامێکی بۆ پرسیارەکانی خۆی دەست بکەوێت.

پرسیاری سەرەکی ئێمە لەم ژیانەدا ئەوەیە، کە ئایە ژیان چی پێمان بەخشیوە و ئێمە دەتوانین چی بکەین لەم ژیانەدا، پرسیارە لە بارەی مرۆڤبون و چۆنێتی بەرجەستەکردنی ئەو مرۆڤبونەیە، دواتر گەڕانەوەیە بۆ سەر پرسیاری بون، دەبێت بەر لە هەموو شتێك بپرسین، بونی ئێمە چ زیادییەك دەخاتە سەر ئاراستەکردنەکانی ژیانی مرۆڤ و دەوروبەر، چونکە زۆرجار بون مانای خۆی لە دەست دەدات و تەسلیمی واقیعێك دەبێت، کە بون لە ماناکانی خۆی دادەماڵێت و بارگاوی دەکات، بە حاڵەتێکی لێوڕێژ لە نائاگایی لە بەرانبەر بونی خۆدا، یاخود زۆرجار بون تەسلیمی نەبون دەکات، کە زۆرجار ئەم حاڵەتەیان ئاین دروستی دەکات.

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر بون لە ناو ژیاندا، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت کە وەزیفەی سەرەکی ئێمە لەم ژیانەدا، مانادارکردنی تەواوی رەهەندەکانی ژیانکردنە، چونکە بە درێژایی تەواوی سەردەمەکان، مرۆڤ خەریکی لە ناو بردن و تاساندنی ئەو هەناسانەیە کە خەریکی گەڕاندنەوەی جوانین، بە هەرحاڵ رەنگە ئەمە مەبەستی ئەم نوسینە نەبێت، چونکە بەر لە هەموو شتێك دەبێت بزانین، کە تا دو مرۆڤ مابێت لەم جیهانەدا، سیراع و کێشمەکێشی دەستبەسەرداگرتن و شەڕ و نەهامەتیەکان هەر دەمێنێت، ئەمەش بابەتێکە و پێویستی بە تێڕامانی زیاتر هەیە، ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە لە بارەیەوە بدوێین، چۆنێتی تێگەشتنمانە لە بارەی مرۆڤبونی خۆمانەوە، کە دەشێ سەرەتا بەو روانینانە دەست پێبکەین، کە ئێمە بۆ ژیان و دەوروبەر هەمانە، کە زۆرجار روانینەکانمان جیاوازی سەرەکی و لێکنەچونی بنەرەتیان هەیە بۆ هەموو حاڵەتەکان، رەنگە هەندێکجار بە جۆرێك گوزارشت لە حاڵەتێك بکەین، جیاواز بێت لە تەواوی گوزارشتەکانی تر، بۆ نمونە لە بەرانبەر دیاردە میتافیزکیەکاندا، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گوزارشتەکانی مرۆڤ لە بەرانبەریاندا رەگەزی سەرەکی جیاوازی تێدا بەرجەستەیە، کە سەرەڕای ئەو هەموو مشتومڕە فیکری و مەعریفیانە لە بەرانبەر ئەو دیاردانەدا، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر جێگای مشتومڕن، چونکە تا ئێستاش ئەم دیاردانە بونەتە هۆکاری سەرەکی گەڕانەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە مرۆڤ، بۆ ناو ئەو چواچێوانەی کە ئاین دروستی دەکات، بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دەست بکەوێت، کە لە بەرانبەر ئەم دیاردانەدا لایان گەڵاڵە بوە، بۆیە دواجار لە ناو ئایینەکاندا خۆیان دەبیننەوە.

ئاینەکان جۆرێك لە دڵدانەوەیەکی قەناعەتپێکەریان هەیە بۆ مرۆڤ، چونکە ئاینەکان سەرچاوەی ئەو دیاردانە دەگێڕنەوە، بۆ هێزێکی گەورە و خاوەن قودرەت، هێزێك کە بە سەرچاوەی تەواوی بونەکان هەژماری دەکەن، لەو کاتەدا دەبێت بپرسین مرۆڤ چۆن دەڕوانێتە ژیان؟

لە بەرانبەر ئەو دۆخانەی کە مرۆڤ ناتوانێت، تێیان بگات و لە تێهزرینەکانیدا ناگاتە بەرەنجامێکی یەکلاکەرەوە، هەندێکجار ناچار دەبێت پەنا بۆ ئاینەکان بەرێت، ئاینەکان هەندێك وەڵامیان پێیە بۆ رازی کردنی ئەو مرۆڤانەی کە هەرزو دەستبەرداری تێهزرین دەبن، لەو کاتەشدا وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست دەکەوێت، کە مرۆڤ لەو حاڵەتەدا روانینی بۆ ژیان چی دەبێت؟ ژیان لای ئەو مرۆڤە لەو کاتەدا هیچ مانایەکی نابێت، ئەو چاو دەبڕێتە ژیانێکی دور مەودا تر، ئەو کاتە مرۆڤ وا پەیوەست دەبێت بە ئاینەوە، کە تەواوی شتەکانی تری ژیان و دەوروبەری مانایەکیان بۆ نامێنێتەوە، جگە لە رازی کردنی ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە لەسەروی تێگەشتنەکانی مرۆڤەوەن و خەریکی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی گەردونە، هەر ئەمەشە کارل مارکس ناچار دەکات بڵێت" دین تلیاکی گەلانە".

ئاین فۆڕمێکی فەنتازی بە قودرەتەکانی خودا دەبەخشێت، جۆرێك لە گەڕانەوە بەرەو بچوککردنەوەی مرۆڤ، لە بەرانبەر ئەو حاڵەتانەی کە دەشێ لە روی فکیر و دنیابینیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، جۆرێك لە فەنتازی کردنی خودا، کە تەواوی کاروبارەکانی گەردون هەڵدەسوڕێنێت، بەشێوەیەك کە تەواوی جوڵە فیزیکیەکانیش بەشێك لە دەسەڵات و قودرەتەکانی خودای تێدایە.

بەڵام مرۆڤ دەبێت بپرسێت ئایە خودا ئەو هەموو هێز و قودرەتەی لە کوێوە هێناوە، کە دواجار دەبێتە فاکتەری بەرتەسککردنەوەی مەودای بیرکردنەوەکانی، لە ئاست دەسەڵات و قودرەتی خودا، کاتێك ئاین سەردەکەوێت لە پرۆسەی بە فەنتازی کردنی خودا و تەواوی دەسەڵاتەکانی گەردون دەبەخشێتە راستیەکی نەبینراو!!، ئیتر هەوڵی گەورەتر کردن و فراوانتر کردنی ئەو باوەڕانە دەدات، کە بۆ مرۆڤەکان دروست دەبێت و دەیانبەستێتەوە بە دەسەڵاتێکی شاراوەی پڕ لە نهێنیەوە، بۆیە دەبینین قەدەر و بەڵا بۆ مرۆڤ دروست دەکات و سنور بۆ تێفکرینەکانی ئینسان دادەنێت، لە بەرانبەر هەندێك حاڵەتی لێو ڕێژ لە گومان و دەرکەوتنی حەقیقەت، لە ناو ئاینەکاندا مرۆڤ نابێت گومانی هەبێت لە ئاست خودا، هەرکاتێك مرۆڤ بیری کردەوە لە بونی خودا، ئەو مرۆڤە بە لادەر و کافر دێتە هەژمار کردن و دەبێت سزا بدرێت، ئەمە دوا سنوری ئاینە و مرۆڤ نابێت بیبەزێنێت، کە دواجار دەبێت ئەوە بزانین مرۆڤ بونەوەرێکە و عەقڵ بەکار دەهێنێت لە زۆر حاڵەتدا، بەڵام کاتێك ئاین دێت و ئەو لایەنەی پێفەرامۆش دەکات، ئەو کاتە ئاین نەك نابێتە هۆکاری ئاشنا بونی مرۆڤ بە کایە رۆحیەکانەوە، بەڵکە دەبێتە فاکتەری لە ناو بردنی تێفکرینی مرۆڤ و دەبێتە جێبەجێکاری پرۆسەی بە رۆبۆتبونی مرۆڤ، رۆبۆتێك کە ناتوانێت لە ئاست حەقیقەتی خودا و حەقیقەتی ئاین تێبفکرێت، ئەوکاتیش خودا تاکە رەمزی بون و تاکە سیمبولی پەرستن دەبێت، کە من بڕوام وایە ئەگەر مرۆڤ ویستی خودا بپەرستێت، نابێت لە ڕێگەی ترسەوە بە پەرستنی خودا ئاشنا بکرێت، یان هەندێکجار بە دروستکردنی کۆمەڵێك تموحی سۆزاوی و غەریزەیی، مرۆڤ ناچاری گەڕاندنەوە دەکرێت بۆ سەر ئاین، وەك حیکایەتی حۆریەکان کە لە ناو ئاینەکاندا بونی هەیە، بۆیە من نامەوێت بچمە ناو قوڵایی ئەم حیکایەتە وەهمیانەوە، هەموومان کەم تا زۆر گوێبیستی ئەم حیکایەتە وەهمیانە بوین، تەنها ئەوەندە دەڵێم بە گشتی دو هۆکار هەیە، کە مرۆڤ دەکاتە رۆبۆتێکی بێبیرکردنەوەی ناو ئاینەکان، کە ئەوانیش ترس و غەریزەیە، ترس لەو هەموو حیکایەتانەی کە باس لە دۆزەخ دەکەن و دەبنە دەرخەری روی توندوتیژی خودا و خودا وەك دەسەڵاتێکی تۆڵە سێن لە مرۆڤ و بونەوەرەکان دەناسێنن(( کە دەشێ ئەمە حەقیقەتی خودا نەبێت!!))، غەریزەش بۆ ئەو هەموو حیکایەتە وەسفئامێزانەی لە بارەی بەهەشت و حۆریەکانەوە، کە لە لایەن واعیزەکانی ئاینەوە، بە گوێی خەڵکدا دەدرێت، بەڵام محەمەد قوتب تێکڕای ئەو خەفەکردنی بیرکردنەوانەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، لە ناو ئاینی ئیسلامدا رەت دەکاتەوە، کە ئاینی ئیسلامیش وەك تێکڕای ئاینەکانی تر، رێ لە دروستبونی گومان دەگرێت لە بەرانبەر خودا و خودی ئاینەکەشدا، ئەو گۆمەڵگای موسوڵمان لە هەموو گۆمەڵگاکانی تر، بە باشتر دەزانێت لە ئاست ئەو هەموو تەنگەژە دەرونیانەی کە بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ" رەها بونی بیر و باوەڕ"، قوتب بەمەشەوە ناوەستێتەوە و دەڵێت"مرۆڤ کە تەنیا ئاراستەیەکی دیاری کراوی بەرانبەر شت و روداو و کەسەکاندا هەبێت، تەنیا گەر راوبۆچونی هەبێت، تەنیا گەر پێوەرێکی هەبێت شتەکانی پێبپێوێت و حوکمی خۆی لەسەر دەربکات، ئەمە بە تەنیا ئیجابیەتێکی گەورە بە دەرون دەبەخشێت، کە شێوێنەواری لە هەستەکاندا دەردەکەوێت، هەروەك لە قسە و کردەوەکاندا دەردەکەوێت"، دواتر دەڵێت" جا بیر و باوەڕ ئەمە دروست دەکات، ئەو پێوەرە دەداتە

مرۆڤ کە حوکمی روداو و کەسەکانی پێبکات، ئەو راوبۆچونەی دەداتێ کە دروستی دەکات، ئەو رایانەش لە وەرامی ئارەزوەکانی دروست ناکات ( چونکە ئەمە سلبیە هەرچەند بە ئیجابیش دیاربێ )، بەڵکە بە مەحەکێکی بابەتیانە دەبێت، کە پێراگەشتویی کەسێتی و تواناى جیا کردنەوەی تیدا بەدی بکرێت"، قوتب دەیەوێت لەم چەند دێرەدا، مرۆڤ بخاتە ناو بێئاگاییەکی کوشندەوە، بێئاگاییەك کە تەواوی سەرورییە ئینسانیەکانی خۆی وەلا بنێت و، تەنها چاو لە "راستیەکی نەبینراو ببرێت"، بەڵام بۆ تێکڕای ئەو رایانەی قوتب دەتوانین بڵێین، گەڕانەوە بۆ سەر بیروباوەڕێك، کە کۆی مرۆڤایەتی لەسەر یەك ئاراستە کۆ دەکاتەوە و دەیانکاتە یەك مرۆڤ لە روی بیروباوەڕەوە، دەبێتە بکوژی تەواوی تێڕامانەکانی مرۆڤ، ئەوە بۆ خۆی دروستکردنی تەنگەژە دەرونیەکانە، ئەوە بۆ خۆی دروستکەری دۆخێکە، کە ئەوەندەی هەوڵی بچوککردنەوە و بێبەهاکردنی مرۆڤ دەدات، ئەوەندە نایەوێت مرۆڤ وەك بونەوەرێکی عاقڵ مانیفێستی خۆی بکات، ئەو بیروباوەرە خۆسەپێنەی کە تەواوی مرۆڤایەتی لەسەر کەلاکی خۆی کۆ دەکاتەوە، دەبێتە فاکتەرێك بۆ بە مێگەلبونی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، کاتێکیش کۆمەڵی مرۆڤایەتی کەوتە ناو پرۆسەی بە مێگەلبونەوە( وەك چۆن ئێستا، زۆرینەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاین باڵادەستە تێیدا، روبەروی ئەم حاڵەتە بونەتەوە)، ئیتر دەست بەرداری پێشکەوتنە بەردەوامەکانی دنیا دەبن و، یەك ئامانج کۆیان دەکاتەوە، ئەو ئامانجەش دەبێتە فاکتەری داخرانی کۆمەڵگا و دەشبێتە فاکتەری سەرەکی، بۆ دروستبونی رژمێکی داپڵۆسێنەر، لەو کاتەشدا مرۆڤ دەبێت دەستبەرداری مرۆڤبونی خۆی ببێت، لێرەوە وەك پەرچە وەڵامێکی تر بۆ محەمەد قوتب، دەچینە لای عەبدولکەریم سروش، سروش هەرچەندە تێکڕای ئاینە ئاسمانیەکان بە حەق دەناسێنێت و باوەڕی رەهای بە حەقیقەتی ئەو ئاینانە هەیە، بەڵام پێیوایە زۆرجار هۆکاری نەبینیی دیوە ناشرینەکەی مرۆڤ، لە لایەن خودی خۆیەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆر کەم مرۆڤ هەیە دەستبەراری بیر و باوەڕی خۆی ببێت، چونکە بیر و باوەڕەکەی خۆی بە جوانی و راست دەبینێت، دواتر عەبدولکەریم سروش دان بەو خەوشانەدا دەنێت، کە لە تێگەشتنی مرۆڤ بۆ ئاین و پێغەمبەران و کەسە ئاینیەکان هەبووە، وەك ئەو دەڵێت" نە وەك هەر لە تێگەشتنی ئایندا خەوش هەیە، بەڵکە لە خودی ئاین و بە ناوی پێغەمبەر و پێشەوایانی ئاینی، ساختە و شتی زۆر دروستکراوە و کاری لە زانایانی ئاین کردوە، کە لە جیاکردنەوەی دروست، لە نادروستی توشی هەڵە بوون".

کەواتە بە پێی بۆچونەکانی عەبدولکەریم سروش بێت، دەبێت پێداچونەوەیەك بکرێت، بۆ تێکڕای ئەو تەفسیراتانەی کە لە لایەن کەسە ئاینیەکانەوە تا ئێستا بۆ ئاین کراوە، دواتر دەبێت بزانین ئایە ئەوە حەقیقەتی ئاینە، کە مرۆڤ دەخاتە ناو گێژاوێکی گەورەی سایکۆلۆژییەوە، کە بارگاوییە بە سڕینەوە و دامالینی لە تێڕامان و تێفکرین، لە ئاست شتەکان و خودی ئاین و خوداشدا؟ کە زۆرجار مرۆڤ گەر ویستبێتی، تێڕامان لە ئاست خودا و بونی خودا بکات، ئەگەر ئیلتیزامێکی ئاینی هەبێت، یان بە پێچەوانەشەوە، ئەوا خودی ئاین بۆتە رێگرێکی گەورە لە بەردەم تێڕامانەکانیدا( وەك چۆن ئێستا دەبینین، کە دەستە بەندیەك دروستکراوە، بۆ بەگژداچونەوەی ئەو کەسانەی، کە لە رێگەی بیرکردنەوەوە ئاشنای

**گومان هاتون، بەمەش دەیانەوێت لە ڕێگەی یاساوە، ڕێ لە بیرکردنەوە و تێگەشتنەکانی مرۆڤ بگیرێت، کە ئەمەش ئەو پەڕی بێحورمەتیە لە بەرانبەر مرۆڤ و ئاین و خوداشدا، چونکە دەبێت لە ڕێگەی دایەلۆگ و مشتومڕی فکرییەوە، ئەم لێکنەگەشتنە ئەگەر هەشبێت بە کۆتا بگەن، نەك بە هەڕەشە و عونف، چونکە بە بڕوای من خودایەك ئەگەر خاوەنی ئەو هەموو دەسەلاتە بێت، کە ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەوێت، پێویستی بەو جەنگاوەرە هەڵچوانە نیە، دواتر بە بڕیاری کێ ئێوە خۆتان کردوە بە نوێنەری خودا).**

**<u>تێبینی:</u>**

**ئەم نوسینە بە دوو بەش لە ژمارەکانی ( 429) و ( 430) ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بلاو کراوەتەوە.**

Rohani1983@gmail.com